گفت و گۆی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت لەگەڵ بەکر ئەحمەد
سەبارەت بە تەوەری شکست وپەڕاوێزبوونی بزووتنەوەی چەپ لەکوردستان

**1- وەک بینیمان لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوەی چەپ وسۆسیالیستیی لەکوردستان بەتەواوەتی پاشەکشەی کردووەو مەیدانەکەی بۆ بزووتنەوە نەتەوەیی وئاینییەکان بەجێهێشتووە، لەکاتێکدا لەرابردوودا چەپ لەکوردستان خاوەنی هێزێکی تاراددەیەک حیساب بۆکراو بوو، ئایا هۆکاری سەرەکیی ئەم پاشەکشەیەی بزووتنەوەی چەپ لەچیدا دەبیننەوە؟ ئاخۆ گرێدراوە بەپاشەکشەی جیهانی بزووتنەوەکەو هەرەسی سۆڤێتەوە یاخود پەیوەستە بۆ ناواقیعبینی چەپ وبارودۆخی نەرەخساوی ناوخۆی کوردستانەوە؟. بەکورتی ئەو فاکتۆرە سترۆکتۆرییانە چین رەوتی چەپیان لەکوردستان سست وپەڕاوێزخستووە؟.
ت**

بەکر ئەحمەد: بەر لە وەلامی پرسیارەکە، حەزدەکەم ڕوونکەدنەوەیەکی کورت لەسەر دەستەواژەی چەپ بدەم لە پرسیارەکەی ئێوەدا. چونکە پێموایە ئەم دەربڕینە کۆمەڵێک ناڕۆشنی گەورەی لە دەورە، تا ئەو ڕوونکردنەوەیەش نەدەم، ناتوانرێت دەست بخرێتە سەر بەشێکی زۆر لەو وەڵامانەی کە بەلای منەوە گرنگن.

چەپ ناوی بزووتنەوەیەکی بەرین و فراوان لە خۆی دەگرێت کە تێکەڵێک لە چەپی ناسیونالیست و بۆرژوا ڕیفۆرمیست و کۆمۆنیزمی مارکسیش لە خۆیدا جێدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێموایە چەپبوون و چەپگەرایی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە ئەفسانەیەکی سەیردا یەخسیرکراوە و تەنانەت لە باری سیمبوڵییەوە، لە جێگایەکی باشتردا لە چاو بزووتنەوە سیاسییەکانی دیکەدا ، جێگای بۆ کراوەتەوە. بەڵام لکاندنی شوناسی چەپبوون بەم هێز یان ئەو هێزی سیاسییەوە، پەیوەست نییە بە بوونی چەترێکی ئایدیۆلۆژییەوە تا بە هۆیەوە هێزە سیاسییەکانی پێوە بناسرێتەوە. ئەگەر چی تا ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا، مارکسیزم هەمیشە وەک پێوەرێکی ئایدیۆلۆژی ئامادەیی هەبووە بۆ ناسینەوەی چەپەکانی کۆمەڵگا. کە لە واقیعیشدا وا نییە. چەپوون و ڕاستبوونی هێزەکانی کۆمەڵگا، هێندەی کەش و هەوای کولتوری سیاسی کۆمەڵگا و بزووتنەوە سیاسییەکانی دیاریدەکات، هێندە پەیوەست نییە بە شوناسی ئایدیۆلۆژی خودی هێزەکانەوە. حزبی دیمۆکراتەکانی ئەمریکا، لەسەر چەپی کۆمەڵگای ئەمریکی بە حساب دێت و ئەگەر ڕاستەکانی سوید لە بەارنبەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دابنێت، هەستدەکەیت حزبێکی سۆسیالدیموکراتە، لە کاتێکدا ئەم

حزبه به باوکی ڕاستی کۆمەڵگای سوید له قەڵەم دەدرێت. بۆیه ئەگەر بێمەوه سەر کۆمەڵگای کوردستان، ئەوا لەگەڵ ئامادەیی مارکس له کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا له مێژوویەکی درێژەوه، هێشتا ئەو چەپەی له کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیی هەبووه، چەپێکی فەقیردۆست و زەحمەتکێشپەرست بووه. بۆ ئەم جۆره له چەپوون، کۆمەڵگای ئێمه کەمی نەهێناوه و تەنانەت هێزێکی کۆنسێرڤاتیزمی له چەشنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش له زەمەنێکی درێژدا، دەکرێ له خانەی چەپی کۆمەڵگادا جێگای بۆ بکرێتەوه. سوێند به سەری زەحمەتکێش و هەژاری کورد له ئەدەبییاتی ئەم جۆره چەپانەدا، نەک بۆ ئاوڕدانەوەیەکی سیاسی زیاتر بووه لەم توێژه کۆمەڵایەتیانه، بەڵکو به مەبەستی کێشکردنی ئەم لەشکرەدا بووه به شوێن ئاسۆی ئەو بزووتنەیەوەی که ئەمان له واقیعدا به شوێنییەوەن. لەم جۆره چەپه له کۆمەڵگای ئێمەدا، هێشتاکه بازارگەرمی خۆییان هەیه و زەحمەتکێشان و حسک و حزبی شیوعی کوردستان و عێراق و تەنانەت ئەو پاشماوەیەیشی له دوای کۆمەلەی ڕەنجدەرانەوه دەیەوێ له باڵی ڕیفۆرمدا کەڵک له مێژووی کۆمەڵه وەربگرێت، له خانەی ئەم جۆره له چەپی ناسیونالیستدا جێگایەکی دیاریکراوییان هەیه. ئەوەی خەڵکی کوردستان چ چاوەڕوانییەکیان لەم هێزانه هەیه و عەدالەتی ئیجتیماعی و ریفاه و له کۆمەڵگادا چەند به بوون و نەبوونی ئەم هێزانەوه زەربه دەخوات، تا ڕادەیەک بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆشنه.

ئەو لەشکره گەورەیەی ئەحزابی سیاسی له کوردستاندا که من لەسەرەوه له ژێر چەتری چەپی ناسیونالیستدا ریزمکردن، هەر هەموویان ئەحزابی ناو یەک بزووتنەوەی بەرینی کۆمەڵایەتی گەورەیه که ناسیونالیزمی کورد، تاکه شوناسی ئایدیۆلۆژی هەموویانه.

بەڵام مارکسیزم و کۆمۆنیزمی مارکسیش بەشێکی گەورەی ناو ڕەوتی بزووتنەوه چەپەکانی دنیا و کوردستان پێکدەهێنێت. به بڕوای من کۆمۆنیزم و مارکسیزم له کوردستاندا به شێوەی ڕەوتێکی لاواز بوونی هەبووه و له ناوەڕاستی هەشتاکانەوه به شێوەی ژێرزەمینی له ناو شارەکانی کورستاندا چالاکی سیاسی دەنووێنێت و له ڕاپەڕینی بەهاری 1991دا، وەک بزووتنەوەی شوورایی خۆی ڕادەگەیێنێت و دواتریش له حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستاندا چالاکی سیاسیی خۆی ڕادەگەیێنێت.

کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوه سیاسییه تازەیەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دیسکورشی سیاسی و پراکتیکی تازەی فیکری دەبێتەوه که تیایدا، کرێکار، دەسەڵاتی شورایی، جیایی دین له دەوڵەت، بێکاری ، سەنتەری پاراستنی ژنان، ڕیفراندۆم، مافی منداڵان و ژنان و خەبات له دژی ڕەشەکوژی ژنان ، تەنها کارنامەیەکی ئیجگار کورتی ئەم بزووتنەوه تازەیەیه. ئەوەی بۆ من به پەراویزبوونی چەپ له کۆمەڵگای کوردستاندا ناوزەددەکرێت نەک شکستخواردنی،به سەرنجدانه له جێگاوشوێنی ئەم بزووتنەوەیه به هەموو هەڵکشان و داکشانه سیاسییەکانییەوه لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا. چونکه چەپی ناسیونالیستی کوردی به هەموو تیره و تایەفەکانییەوه، قسەیەکی له بەرانبەر سۆسیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سکۆلاریزم و سەرمایەدارییەوه نییه و بگره خۆیشی بەرپرسیاری پله یەکی ئەم سەرمایەدارییه دڕندەیەی کۆمەڵگای کوردستانه. ئەم جۆره له چەپ له دەسەڵاتی سیاسیدایه و له پەراویزی کۆمەڵگادا نییەو بۆ ماوەی چەند

ساڵێکێشە، جا لە "برسا بێت یان لە ترسا" لە پشتی باوکی بزووتنەوەی ناسیونالیزمەوە کە بە ڕاستی کۆمەڵگای کوردستان ناو دەبرێت، سواڵی کورسی و مانگانەی حزبەکانییەتی. بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە پەراوێزبوونی چەپەوە هەبێت کوردستاندا، بۆ من ، لە پاش ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە لە سەر چەپ و چەپگەرایی لە کۆمەڵگادا، پەیوەستە بە لە پەراوێزبوونی باڵەکەی دیکەی ناو بزووتنەوەی چەپ کە مارکسیزم و کۆمۆنیزمی مارکسە. بۆیە با بگەڕێمەوە لای پرسیارەکەی ئێوە. " ئاخۆ گرێدراوە بەپاشەکشەی جیهانی بزووتنەوەکەو هەرەسی سۆڤێتەوە یاخود پەیوەستە بۆ ناواقیعبینی چەپ وبارودۆخی نەڕەخساوی ناوخۆی کوردستانەوە"، دەکری هەندێک لە وەڵامەکانی من بەم شێوەیەی خوارەوە بن .

شکستی سۆڤییەت لە کورتماوەدا کاریگەری لەسەر شکستی ئەو چەپە ڕەسمییە دادەنێت کە لە مەدارەکانی بلۆکی خۆرهەڵاتدا دەسوڕایەوە. لە درێژماوەدا دەرفەت بۆ دەرکەوتنی سۆشیالیزمێکی دیکە دەکاتەوە کە سەرمایەداری دەوڵەتی ناکرێت شووناسی بیت. بەڵام لە کوردستاندا و لە گەرمەی ڕاپەڕین و دوای ئەو زەمەنەدا، ئێمە ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی گرنگین لە باڵادەستبوونی کۆنەپەرەستی و بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەو بزووتنەوەیەی لە پاڵ ئەمریکادا ڕادەوەستێت.
هەڵهاتنی خوێناوییانەی سیستەمی نوێی جیهانی لە جەنگی کەنداودا، عێراق و کوردستان دەکاتە شوێنی تاقیکردنەوەی لایەنە کوشندەکانی ئەم سیاسەتە. شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق قێزەونترین سیاسەتەکانی ئەم دۆخەی نەوەدەکانی کوردستانە کە قوربانییەکانی لە عێراق و کوردستاندا ملیۆنەها ئینسانە. لە ناو ئەم هەل و مەرجە خوێناوییەدایە کە ئایین جێگایەکی فروانتر لە سترەکچەری کۆمەڵگادا داگیردەکات و ئاستی مەدەنییەتی کۆمەڵگا چەندەها ساڵ بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە. بەکورتییەکەی لە دوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، چەمکی ئینسانبوون و ئینسانییەت لە ئاستێکی نێونەتەوایەتیدا تەواوی بەهاکانی خۆی لەدستدەدات و لە عێراق و کوردستانیشدا ئەم بەهایەنە دێنە خوار بەهاکانی ئاژەڵەوە. کوشتن لە سەر هەویەی شیعە و سونني بوون، دابەشکردنی شار و شارۆچکە بەسەر ڕەنگی سەوز و زەرددا، جێگایەک بۆ دەنگێکی دیکەی جیاواز ناهێڵێتەوە کە پێناسەیەکی دیکەی بۆ ئینسان هەیە. سۆشیالیزم لە ناو دۆخێکی وەک ئەو بەربەریزمەی ناو عێراق و کوردستاندا لە دوای نەوەدەکانەوە، زەرەرمەندترین هێزەکانی کۆمەڵگایە. ئاخر کاتێک تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی سیاسی لە باشترکردنی ژیان و عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕدرا بۆ خەبات بۆ مانەوە" صراع من اجل البقاء" ، نەکوژران بەهۆی پارتیبوون و یەکێتیبوونەوە، سوونیبوون و شیعەبوونەوە، کاتێک ئەم تەوەرانەی خەباتی سیاسی لە بناغەوە ئاڵوگۆڕرییان بەسەردا دێت، نە کار و ڕیفاهی کۆمەڵایەتی جێگایەکییان بۆ دەمێنێتەوە، نە مافەکانی ئینسان، بەڵکو شەر دەبێت بە جەنگێکی گەورە بۆ مانەوە. تۆ دیقەت بدە، پاش 17 ساڵ لە دەسەلاتی کوردی، تازە بە تازە دەبیسترێت کە ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، کورد لە گۆمی خوێندا، نووقمدەکرێت. ئەمە قسەی بەپرسی سەربازی گەورەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. جا وەرە ئیتر تۆ باسی گەندەڵی بکە! بزانە بزووتنەوەی کوردایەتی چەندە ئاسان دەتوانێت هەستی شەقامی کوردی بەشوێن خۆیدا ڕابکێشێتەوە.
لە پاڵ ئەم باڵادەستییەی کۆنەپەرەستیی سیاسیی کە پرۆژەیەکی بەسەردا فەرزکراو و زادەی سیستەمی نوێی جیهانی دوای جەنگی سارده، هاوکاتیش زادەی پەیامی ئەو بزووتنەوە سیاسییەیە کە بۆ هەموو کەسیک

ناوەڕۆکەکەی ڕۆشنتر دیارە لەمڕۆیدا وەک لە سەرەتای نەوەدەکاندا، خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە کە پەیوەندی بە چۆنێتی کردەوەی سیاسەتەوە هەیە لە کوردستاندا.

ئەم مێژووە لە کوردستاندا تەواو ڕەنگرێژە بە کولتوری دەست بۆچەکبردنەوە. تۆ ناتوانیت لە کوردستاندا هێزێکی سیاسی تازە بیت و دەست بۆ چەک نەبەیت. لۆژیکی بوون بە هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە کوردستاندا، بە لوولەی چەکی کلاشینکۆفەکاندا گووزەردەکات. ئەوەشم لە یاد نەچێت لە دوای کەوتنی پەیکەرەکانی سەدامەوە، فەردە گونییەی دەفتەرەدۆلاریش ، کە ناڵێکی دیکەیە کە هێزی پێ پەیدادەکرێت، نەک وەک کڕینی دەنگی خەڵک، بەڵکو وەک هۆکارێک بۆ گەیاندنی پەیامی خۆ لە ڕێگەی سەتەلایتەکانەوە.
شووراکان هێشتا مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی پێکنەهێنابوو، بە چەک پەلاماردران. سیناریۆی داخستنی مقەرەکانی حزبی کۆمۆنیست بێنە بەرچاو، ئەمە ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە سیاسییە کە هێزێکی تازە لە کوردستاندا خۆی تیا دەبینێتەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئاماژەی پێبدەم، بەرفراوانی تووندبوونەوەی تێڕوانینی ناسیونالیزمە لە کوردستاندا. بە تایبەت دوای ئەوەی پرۆسەی دەسەلاتی سیاسی لە عێراقدا لەسەر ئینتیمای ئەتنییەت و ئایین دەسەلات دادەمەزرێنێتەوە. تۆ تەماشاکە، لە پاڵ ئەو هەمووڕەخنەیەی شەقامی کوردستان هەیەتی لەبەرانبەر دەسەلاتی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، هەر بۆ خاتری ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لە بەغدادا کەم نەهێنێت، خەڵک ناچارە دەنگ بداتەوە بەوان، "ئاخر با دەنگی کورد لە بەغدادا کەم نەکات".
چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک هەمیشە وەک بانقێکی ئارامی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتیی بووە بۆ ئەوەی لە گەڵ دەنگی فەرهاد سەنگاویی و شێرکۆ بێکەسدا، دیسانەوە بانگەوازی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بکاتەوە تا بێنەوە بەر مالەکانی ئەوان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ناکرێ ئاماژەی پێنەکرێت، ئەو پرۆسەی "مەمنوع" و قەدەغەکردنە ڕەسمیەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی دەسەڵاتە لە کوردستاندا لە بەرانبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا. بگرە هەر هێزێکی دیکەی جددی کە بیەوێت کارێک ئەنجامبدات لە دژی دەسەڵاتی ڕەسمیدا. هێشتا ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر بە هەموو لاوازییەکی ڕۆژنامەوانییەوە، لە سلێمانی و هەولێر بە ڕەسمی چاپ ناکرێت.

ئەم فاکتۆرانەی کە من لێرەدا بە کورتی ئاماژەم پێدان، زیاتر فاکتەری دەرەکی بەسەردا فەرزکراون. بەڵام بۆ حزبێکی کۆمۆنیست کە بڕیارە شۆڕش بکات و پەیامی خۆی بە گوێی کۆمەڵگادا بدات، دەکرا ستراتیژ و ئاڵوگۆڕی گەورە لە خۆیدا نیشانبدات. بێگوومان هۆکاری ناوخۆیی گرنگیش هەن وەک چۆنێتی کۆمەلایەتیکردنەوەی ئەم هێزە و ڕۆڵی کادر و جێگا و ڕێگای کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان کە لە سیاسەتی دەسەڵاتی کوردیدا تەواو ونە و لای چەپیش هێشتا شوێنی دووبارە سەرنجلێدانەوە نەبووە.

**2- دوای ئەم قەیرانە داراییەی لەئەمەریکاوە جیهانی گرتەوە،یان راستتر بڵێین سیستمی سەرمایەداریی هاوچەرخی گرتەوە، وا باس دەکرێت رەنگبێ رووکردنەوە سیستمی سۆسیالیستی پەرەسەندن بەخۆوە ببینێ، ئایا پێتوایە لەکوردستان بزووتنەوەی چەپ لەدۆخێکدایە بتوانێت لەسەر ئاستێکی بەرین ولەسەر شانۆی سەرەکیی سیاسەتی کۆمەڵگە رۆڵێکی کاراو دیار بگێرێت؟ ئایا ئاسۆی بزووتنەوەکە لەکوردستان رووی لەکوێیە، ئاخۆ تووشی پاشەکشەی زیاتر دەبێت یان لەم بارودۆخە پڕ قەیرانەی سیستمی کاپیتالیستی جیهانی وشکستی سەرمایەداریی لۆکاڵیی، بزووتنەوەی چەپی کوردستان رووی لەگەشانەوەو زیندووبوونەوەیە؟.**

من تەواو ڕەشبینم بەرانبەر ئەم دۆخەی قەیرانی دارایی هێناویەتە پێشەوە.

ئەم قەیرانە وەک بەشێک لە ئەزمەی سیستەمی سەرمایەداریی چاولێدەکرێت. تەنانەت ئابووریناسێکی دەستی دەی "وۆل ستریت"یش بگریت، هەر وا دەڵێت. سەرمایەداریی و ئەزمە وەک ئینسان و هەلامەت وایە. خەسڵەتیی بنەڕەتی سەرمایەداری، ئەزمەیە. بەلام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە سەرمایەداریی لە ئەزمەدایە. ئەزمە خود بە خود هێزی شۆڕشگێڕ ناهێنێتە پێش. سۆشیالیزم ناتوانێت لەسەر هەژاری خەڵک بژی.
ئەم ئەزمەیە، مارکس دەهێنێتەوە پێشەوەی بیرمەندانی سیاسەت و ئابووری. سەرمایەداری دەخاتەوە ژێر پرسیار، جەدەلەکانی سیاسەت و ئابووری لە نێوان بلۆکە سیاسییەکانی چەپ و ڕاستی کۆمەڵگادا تووندتردەکاتەوە. یەکێک لە خەسلەتە گرنگە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم ئەزمەیە، لێدانی دوا بزمارە لە تابووتی ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە سۆشیالیزمی وەک دەستتێوەردانێکی زیاتری دەولەت چاولێدەکرد. تەماشا بکە، ڕاستی ئەوروپا لە یەک بەیەکی ئابوورییە ئەزمە گرتووەکاندا، ئامادەنیە دەست بە داوێنی دەوڵەتەوە بگرێ بۆ ڕزگارکردنی کۆمپانییا گەورەکان. جەنەڕاڵ مۆتۆڕ ئیفلاس دەکات یان نایکات، بڕیار نییە بە پارەی باجی هاوڵاتییان ڕزگار بکرێت.
بەڵام ئەم هەلومەرجە تازەیە، هێشتا چەپی ئەوروپای نەخستۆتە سەر ئەو ڕێگایەی کە لە نێوان سەرمایەداری بازاڕی ئازاد و دەوڵەتیدا، دەکرێ سیستەمی کاری کرێگرتە خۆی بخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئەم رەخنە سۆشیالیستییە لە تەواوی دنیادا، بە شێوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی غائیبە.

قەیرانی دارایی سەرمایەداری دەکرا بە ئەزمەی سەرمایەداریی تەواو ببوایە، بەڵام لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی ئاواهیدا لە ئاستی نێونەتەوایەتیدا، بەو ئاڕاستەیەدا نەڕۆیوە. هەفتەی ڕابردوو ملیۆنەها کرێکارو کارمەندی فەرەنسی دێنە سەر شەقام و پەیامیش بۆ دەوڵەت " ڕزگارکردنی کار" و پارەی زیاترە بۆ ئەو کۆمپانیانەی لە قەیراندان". یەکێتی کرێکارانی میتاڵی سوید کە بەهێزترین یەکێتییە کرێکارییەکانی سوید و ئەوروپایە لە تازەترین دانووسانیاندا لە گەڵ کۆمپانیایی دروستکردنی سەیارەی ڤۆلڤۆدا، لەسەر کەمکردنەوەی کرێ و ڕاگرتنی بەرزکردنەوەی کرێی ساڵی 2009، ڕێکدەکەون. شیعاری کرێکارانی بەریتانیا، بەشوێن بانگەوازە بەناوبانگەکەی سەرۆکی حزبی کرێکارانی بەریتانیادا" کاری بەریتانی بۆ کرێکاری بەریتانییە". بزووتنەوەی

سەندیکایی لە دەستی سۆشیالدیموکراتی ئەوروپادا، بزووتنەوەی کرێکاریی خەساندووە. ڕاستی ئەوروپا لە هەندێک وڵاتەکاندا بەشێکی زۆر لە پەیامە ترادیسیۆنییەکانی چەپی سوونەتی سۆشیالدیموکراتی مۆنۆپۆڵکردووە. پرسیار ئەوەیە ئایا سۆشیالدیمۆکراتی خۆی لە جێگای ڕاستی کۆمەڵگادا بووە تاکو ڕاست بتوانێت سەنگەرەکانی لێداگیرکات یاخود دەبێ بە شوێن شوێنێک و شوناسێکی دیکەوە بێت.

ئەم ئەزمەیە، چەپی سونەتی ئەوروپای لە دووڕیانێکی خەتەردا ڕاگرتووە و هەندێک لە ڕووخسارەکانی خەریکە دەردەکەون. بەهێزکردنی لۆکالیزم و ڕزگارکردنی کاری وڵاتی خۆ، خەریکە دەبێت بە ستراتیژ. لە پاڵ ئەم لۆکالیزمەدا، ڕەوتێکی دیکە لە ناو بزووتنەوەی سەندیدکایدا، خەریکە وەک ڕاسیستێک دەمدەکاتەوە. ئەوەی ئەم ئەزمەیە، چەپ ڕادیکاڵ بکاتەوە و ڕەخنەی کرێکاری کرێگرتە لە بەرانبەر سیستەمدا، بەرجەستەکاتەوە، نەبووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

لە پەیوەند بە کوردستانەوە، دەکرێ هەندێک لە وەڵامەکانی من بەم شێوەیەی خوارەوە بن. کاریگەرییەکانی ئەم ئەزمەیە وەک ئەوەی کە لە خۆرئاوادایە، لای ئێمە هێشتا دەرنەکەوتووە. بەڵام من پێموانییە چەپ لە کوردستاندا دەکرێ لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا دووبارە هەڵسێتەوە بەوەی ئەزمەیەکی سەرمایەداری بەڕێوەیە. بەڵکو خودی ئەم چەپە لە دۆخی بێ پرەنسیپترین بازارەکانی دنیادا کە کوردستانە دەیەوێ دەست بۆ چی بەرێت. ئەگەر ناسیونالیزم بانگەوازی کۆمەڵگا دەکات بۆ مەرگ و هەمیشە بە مەترسی" دوژمنەکانی کورد قووتمان دەدەن ئەگەر دەنگمان پێنەدەن"، چەپ لە کوردستاندا ، دەکرێ سەرنجی کۆمەڵگا ڕابکێشێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ژیان و ڕیفاهی کۆمەڵگای پێوە پەیوەستە و سیاسەت بێنێتەوە بۆ ناو ژیان. من پێموانیە چەپ لە کوردستاندا دەکرێ لە ناسیونالیزمی کورد، کوردتر بێت و بیەوێت لە ڕێگای چارەسەری ستەمی میللییەوە، گرەو لە ناسیونالیزمی کورد بەرێتەوە. بەڵکو داخوازییە ئینسانییەکانی کۆمەڵانی خە لکی کوردستان و پێداگرتن لەسەر مافەکانی ئەوان دەیکاتە هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی.